# جفرەی نانەوەی ئاگری شەڕی نەتەوەکان لەکەرکوك

## مسعود بەرزانی:وەعدی شەرەف...دەست لەکەرکوك هەلناگرین!!

**محمد غفور هۆلەندا**
18کانوونیدووەم2005
mgafor@yahoo.com

**بەرزانی لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان رۆژی شەممەی ڕابردوو کەدەلێ:"بەلێنی شەرەف بەخەلکی کەرکوك وکوردستان دەدەین تادواهەناسە دەست لەکەرکوك هەلناگرین!"،بەڕوونی مەبەستی ئەوەیە کەلەپێناوی گەشتن بەمەرام وئامانجەکانی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانیدا،ئاگری شەڕی نەتەوەکان لەم شارە بەردەدەن،ووەکو بۆسنە وهەرسك ،تادواهەناسەی خەلکی ئەم شارە وهەتا حاسلبوونی مرادی نەتەوەپەرستانەی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەم شەڕە گەرم وخۆش ڕادەگرن،و دانیشتووی ئەم شارە،ئەبێت بەفەرمانی ئەم جەنابانە،وەلەپێناوی بەرژەوەندی ئەواندا، بکەونە سکهەلدرین وخوێنڕشتنی یەکتری.دەنا خەلکی کوردستان ڕێگەی کۆتایی هاتنی کێشەی کوردیان پەیداکردووە،وئەوەنییە کە2ملیۆن ئیمزا دراوە بۆسازکردنی ریفراندۆم؟! وەهەموو کەس دەزانێ کێشەی کورد پەیوەستە بەخەلکی کوردستان خۆیانەوە.ئەوە تەنهاخۆیانن کەهەقیانە ودەتوانن لەڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاربدەن کەچارەنووسی کوردستان چۆن بێت.لەکاتێکدا کەریفراندۆم بۆبەڕەسمی ناسینی سەربەخۆیی کوردستانە، ولەسەروبەندی دامەزراندنەوەی دەولەتی عێراقدا پاش 80سال،باشترین دەرفەت بۆئەنجامدانی هەیە،بەرزانی وتالەبانی بەتووندی لەدژی ڕاوەستاون.کوردستانی بوونی کەرکوك جفرەی هەللایسانی ئاگری شەڕێکە لەکەرکوك ودەوروبەریدا،کەزەمینە بۆ بالادەستی ئەم حیزب وهێزە ناسیونال عەشیرەتیانە بەسەر چارەنووسی خەلکی کوردستانداخۆشدەکات،وژیان وهەست ونیستی خەلکی لەناویدا هەلدەپرووزێنێ.**

**بزووتنەوەی کوردایەتی لەهەموو مێژووی خۆیدا بزووتنەوەیەك نەبووە بۆ وەلامدانەوە وچارەسەری کێشەی کورد. بەلکو حەرەکەتێك بووە بۆ جوابدانەوەی مەرام وئامانجەکانی شێخ وبەگ وهۆزەکان، وسەرمایەدارانی کوردستان. بەلام بەناوی میللەت وزمان ونیشتمانەوە بەرژەوەندی خۆی ئاوێزانی بەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان کردووە، وخۆی خزاندۆتە ناو خەباتی هەقخوازانە ورزگاریخوازانەی ئەم خەلکەوە،و ئاسۆی تەسکی ناسیونالیستی خۆی سەپاندووە بەسەر ئەم بزووتنەوە جەماوەریەدا. بەمجۆرە تەوقی میللی گەرایی ئالاندۆتە دەست وپێی مەیل وئیرادە وخەباتی ئەم خەلکەوە بۆ کۆتایی هێنان بەچەوسانەوەی میللی وپلەدووییان، وبەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەو خەلکە**

ولەپشتی سەریانەوە مامەلە وساتوسەودای پێوە کردووە. ناسیونالیزمی کورد لەپال درندەیی وسەرکوتگەری حکومەتە فاشیستییەکانی مەرکەزدا، وەکو گابەردی قۆقزی سەررێی چارەسەربوونی ئەم کێشە گەورە مێژووییەی لێهاتووە.

هەنگاوی یەکەم لەراستای حەللی کارسازی مەسەلەی کورددا، داماڵینی ئاسۆی رەشی کوردایەتییە بەسەر خەبات وخواستی خەلکی کوردستانەوە،وهاتنە مەیدانی ئیرادەی راستەوخۆ وئازادانەی خەلك خۆیەتی بۆ کۆتایی هێنانی نەهامەتییەکانیان.

بارزانی وتالەبانی بەپەلکێشکردنی خەلکی کوردستان بۆ ناو مەهزەلەی هەلبژاردن،بەکردەوە کوردستان ئەبەنەوە ژێر دەستی حکومەتی فاشیستی قەومی ئیسلامی.ئەمەش بۆ خەلکی کوردستان جگەلە درێژەی ژێرچەپۆکەیی وپلەدوویی مانایەکی تری نییە؟!.کەچی بەدانی بەلێنی شەرەف ئەیانەوێ خەلك گێژکەن،وبەدەستی خۆیان پەنجەمۆری ئەوچارەنووسە ترسناکەیان پێبکەن.ئەوان کەدەلێن، یاکەرکوك یا هیچ!بەمانا پێشتر ساغبوونەتەوە لەسەر ئەوەی کەتۆوی ناجێگیری ودووبەرەکی وئاژاوەی کوردستان وکەرکوك ئەمان خۆیانن.خەلکی کوردستان وکەرکوك نەك نابێت بەوەعدی شەرەفی ئەمانە خۆشباوەربکەن وفریوبخۆن،بەلکو دەبێ ئەو بەلێنی شەرەفە وەکو پیلانێك لەدژی خۆیان سەیربکەن،وبەتەحریم وریسواکردنی هەلبژاردن،وبەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم بەرلە هەلبژاردن بۆسەربەخۆیی کوردستان پووچەلی بکەنەوە.